Consolato d’Italia
Erbil

**بەڵگەنامەکانی پێویست بۆ داواکاری ڤیزەی خوێندن**

1. پڕکردنەوەی فۆڕمی داواکاری ڤیزەی جۆری C لە ڕێگای ئەم لینکەوە

(Homepage - Visto Schengen - Modulo online (esteri.it) ، لە حاڵەتی مانەوەی درێژخایەن (زیاتر لە ٩٠ ڕۆژ) پێویستە فۆڕمی جۆری D پڕبکرێتەوە لە ڕێگای ئەم لینکەوە (https://conserbil.esteri.it/wp-content/uploads/2023/07/Form-richiesta_visto_nazionale.docx ) دواتر فۆڕمی هەڵبژێردراو چاپ و واژۆ بکرێت لە ڕۆژی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڵگەنامەکانی تر پێشکەش بکرێت.

2. وێنەیەکی نوێ کە بەم دواییانە گیرابێت، 40 x 35ملم، پشتەوەی ڕووناکی یەکسان و دەموچاو بە تەواوی دەرکەوێت، بەبێ چاویلکە بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم لینکە بکە (Brochure (Terry_variant) (icao.int)).
3. پاسپۆرت بە لانی کەم 3 مانگ دوای بەسەرچوونی ڤیزەی داواکراو و دوو لاپەڕەی بەتاڵی هەبێت. فۆتۆکۆپی خودی پاسپۆرتەکە و هەر پاسپۆرتێکی پێشوو (هەموو لاپەڕەکانی بە زانیاری کەسی، لەگەڵ مۆر یان ڤیزە).
4. کۆپی کارتی نیشتمانی/ناسنامە.
5. بڕوانامەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان و ئەگەر دانیشتوویەکی بیانی بوو هەر بەڵگەنامەیەک ڕێگە بە دووبارە بە هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بدات ، کۆپییەکی مۆڵەتی نیشتەجێبوون یان ئەو لاپەڕەیەی کە ڤیزەی درێژخایەنی لێدراوە. مۆڵەتی مانەوە یان ڤیزە دەبێت بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی ٣ مانگ لە دوای بەسەرچوونی ڤیزەی داواکراو کارا بێت.
6. بەڵگەنامەی ناو تۆمارکردن لە خولی خوێندن یان بەڵگەنامەی پەیوەست بەو چالاکییە کولتوورییەی کە لە ئیتاڵیا ئەنجام دەدرێت. لە هەموو حاڵەتەکاندا، بەڵگەنامەکان دەبێت بە ڕوونی جۆری خولەکە یان چالاکییەکە و بەرواری دەستپێکردن و کۆتایی بەرنامەکان بنووسرێت.
7. تێچووی کونسوڵگەری (بۆ تێچووی نوێکراوە، سەیری خشتەی پەیوەندیدار بکە لەم لینکە).
8. دڵنیایی تەندروستی کە نابێت بڕی لە ٣٠،٠٠٠ یۆرۆ کەمتربێت، وە پێویستە هاوکات بێت لەگەڵ تەواوی گەشتەکە و مانەوەکە لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بۆ هەر تێچوونێکی تەندروستی و فریاکەوتن و مانەوە لە نەخۆشخانە، و گەڕانەوە لە حاڵەتی نەخۆشی و مردن.
9. حجزکردنی فڕۆکە بۆ چوون و گەڕانەوە. وە بۆ هەر گەشتێک لە نێوان وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ئەگەر هەبێت پێویستە بە بەڵگەنامە بکرێت.
10. حجزکردنی شوێنی مانەوە یان هوتێل. بانگهێشتنامە (دەعوەتنامە)ی کەسێک کە لە ئیتاڵیا نیشتەجێیە لەگەڵ کۆپییەکی بەڵگەنامەی ناسنامەکەی ئەگەر بانگهێشتکەرەکە هاوڵاتی وڵاتێکی یەکێتی ئەوروپا نەبێت، ئەوا کۆپی مۆڵەتی نیشتەجێبوونەکەی کە پێویستە کارابێت وەردەگیرێت. پێویست بانگهێشتنامە لەسەر ئەم جۆرە کڵێشەیە بێت لەم لینکە (https://conserbil.esteri.it/wp-content/uploads/2023/07/lettera_invito_turismo.docx ).
11. بەڵگەنامەی باری خێزانی (سورەت قەید) .

12. بەڵگەنامە سەبارەت بە پێگەی ئابووری گشتیی خێزانەکە: پشتگیری ئەژماری بانکی ، لەلایەن بانکەوە مۆر و واژۆکراو بێت، لەگەڵ جوڵەی شەش مانگی ڕابردوو(کشف حساب)، بەڵگەنامەی مووچەی شەش مانگی ڕابردوو، کرێدیتی خانەنشینی؛ گرێبەستی بەکرێدان؛ بەڵگەنامەی خانووبەرە. قوتابی و خوێندکاران دەتوانن ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەستن بە پێگەی ئابووری ئەو ئەندامانەی خێزانیان کە پشتیان پێدەبەستن، لەگەڵ نامەی ئەندامی خێزانەکە کە گەرەنتی بۆ دەستەبەری ئەو خەرجییەکان دەکات، وە پێویستە واژۆی بکات کۆپییەکی ناسنامەکەی لەگەڵ دابنێت.
13. بەڵگەنامە سەبارەت بە پۆستی پیشەیی/کاری داواکار و ئەندامانی خێزانەکەی کە پشتی پێدەبەستێت.
14. پێگەی ئابووری هاوتا بێت لەگەڵ ماوەی مانەوەی پێویست، وەک لە ڕێنمایی ئێستای وەزارەتی ناوخۆی ئیتالیادا پێشبینی کراوە) بڕوانە خشتەی بژێوی ( Tabella per la Determinazione dei Mezzi di Sussistenza Richiesti per l'Ingresso nel Territorio Nazionale – Ministero degli Affari Esteri e della Cooperazione Internazionale).

## گرنگ

- پێویستە سەرجەم بەڵگەنامەکان وەرگێڕدرابن بۆ زمانی ئیتاڵی یان ئینگلیزی وە لەلایەن دادنووس (کاتب عدل) و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتڕاستکرابنەوە (تەسدیق کرابن) ؛

- بە ئارەزووی ئۆفیسی ڤیزە دەتوانرێت داوای بەڵگەنامەی زیادە بکرێت، ئەگەر پێویست بوو، بۆ ئەوەی باشتر هەڵسەنگاندن بۆ داواکارییەکە بکرێت.

- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی پێویست گەرەنتی پێدانی ڤیزە ناکات.